# خۆشەویستیەك بەرلەوەی ڕوخساری ببینم..!!

ڕێژین ابراهیم

بەرلەوەی ڕوخسارم ببینیٚ، بەر لەوەی وشەیەك بدرکێنی، بەرلەوەیئەو ڕۆژەخۆرئاوابێت، ئەو پێی وتم خۆشم ئەوێیت، نغرۆیکردم لەخۆشەویستی، ئەوئێوارەیەبەر لەخۆرئاوابوون کەسێك خۆشی ویستم، هەستم کرد گویٚ لەکەسێك دەگرم و کەسێکیش گوێم لیٚ ئەگرێت منیش قسەی بۆدەکەم، ئەوکات گرنگ نەبوو ئەوبزانی من کێم ومنیش بزانم ئەوکێیە، یان بزانیٚ من چۆنم یان من بیر لەوە بکەمەوە بزانم ئەو ڕوخساری چۆنە ، گرنگ ئەوەبوو من گوێی لەلەو بگرم ئەویش گوێی لەمن بگرێت، کاتەکان بەخێراییەی بەسەر زەمەنەکانی ئێمەدا تێپەردەبوو، دووساڵ من نەم دەزانی ئەو ڕەشتاڵەی یان ئەسمەریت یا سپی کەلأنەی، ئێستاش نازانم رەنگی چۆنە نازانم خوێندەوارە یان نەخوێنەوار، بەلأم زۆرجار بەقسەکانیا دەردەکەوت کەخوێندەواربێت، لەبەر نەفامی ماڵی باوانی هەمیشە دووپاتی دەکردەوە گەر بزانن من کەسێکم خۆش دەوێت ئەوا ڕەنگە بم کوژن، دووساڵ منی هێناومنی برد نەمزانی ڕوخساری چۆنە،هەمیشە لەقسەکانیا دووبارەتی دەکردەوە کەمنی خۆش دەویست بیٚ ئەوەی بزانی من کێم منیش بەهەمان شێوە منیش دووپاتم دەکردەوە بۆی کەمنیش ئەوم خۆش دەوێت لەبەر ئەوەش بوو زۆر جار لەبەر خۆمەوە دەمووت نەبا ئەگەر دڵی بشکێنم دوای بیر لەنەهامەتیو سەرگەردانی خۆی بکاتەوە و دواتر تەمەرود بکات لەژیان ، سەیرە مرۆڤەکان هەموو کەسیان خۆش دەوێت ناتوانن دڵی یەکتری بشکێنن ،ناتوانن دەست بەرداری خۆشەویستی یەکتربن، دووساڵ من بۆئەو پێدەکەنیم ئەویش بۆمن، نەشمان دەزانی لەبەر چی پێدەکەنین، جارجار من لەناخمەوە دەگریام بۆخۆم هەندێك جاریش پیٚ ئەکەنیم، دووساڵ ئەو نەیهێشت بنوم شەوانە بەقسە خۆشەکانی منی ئەبردە دنیایەکی تایبەت،سەیریەکەی ئەولەوەدابوو زوزو بەمنی دەوت بۆنایەی بۆداوام ، منیش لەدڵی خۆمدا دەمووت بێم بۆداوای دارو بەرد بێم بۆداوای کەسێك کەتائێستا نازانم ڕوخساری چۆنە دووساڵ ئەمە بەردەوام بوو، ئاه..ئەم قەدەرە لەناکاوە بەم ئێوارەیە چی بوو لەدەرگا ژەنگاویەکانی ڕۆحمی داو منیش دڵیم نەشکاند، قەدەرێك دووساڵ گیرۆدەی کردم، دووساڵ ئاوامنی هێشتەوە بیٚ ئەوەی پێم بڵی بۆچی زەنگم بۆلێدایت بۆ قسەت لەگەڵ دەکەم، لەبەر ئەوەئەوسەردەمە کەس ڕاست نەبوولەگەڵ یەکتردا، منیش کەسێکم خەڵك راست ناروات لەگەڵمدا تەنانەت هاورێکانیشم راست نین لەگەڵم داهەمیشە راستیەکانم لیٚ دەشارنەوە و درۆم لەگەڵ دەکەن، بەردەوام هاورێکانم درۆیان لەگەڵ دەکردم، ئیتر چۆن باوەڕ بەکەسێك بکەم کە تائێستاڕوخساریم نەبینیوە، ڕەنگە ژیان زۆر ئاستەم بێت کچەکانمان نەتوانن کەسێکیان خۆش بوێت تەنانەت دایکیشیان، تۆبڵێیت ژیان خۆی ناخۆش بێت بۆیە کەسانێك بێزارن لەژیان و کەسانێکیش سەربەست بن لەژیانی خۆیان،ئەوکات سەرەتابوو ناسینمان ڕێزیك لەنێوانماندا هەبوو، بەلأم هەستم دەکرد ڕۆژانە قسەکانی لەگەڵم دەگۆری هەر ڕۆژەی قسەیەکی دەکر بۆم، دووساڵ تێگەیشتن نەبو لەنێوانماندا جارجار لەیەك تورە دەبووین جارجاریش

یـەکتریمان ئاشـت دەکـردەوە، ئـەو دووسـالە زۆرسـتـەم بـوو بـۆمن حـەزم لـەهیچ شـتێك نـەمابوو کـەناوی خۆشەویستی تیابێت، دووساڵ ئەو قسەی بۆ دەکردم من گوێم لێ ئەگرت بێ ئەوەی بـزانم کـێ یـە ، تـاوای لێ هات نەمتوانی لـەوە زیـاتر بتـوانم لەگـەڵ کەسێك بم نـەتوانم بیبیـنم ئـەویش ڕەنگـە دەرفـەتی نـەبووبێت لەهاتنە دەرەوەی بەڵام مرۆڤەکان بێ ئـەوەی بیر لەشـتەکانی دەوروبـەر بکەنـەوە یەکسـەر حکومی نابـەجێ دەدەنو کەسەکەی بەرامبەر ئیستیغلال دەکەن، بۆیەدواجار ماڵ ئاوایم لێ کردوو پێم ووت ناتوانم لەوە زیـاتر دڵم ئازار بدەم ، ئێستاش نازانم ڕەنگی چاوی ڕوخساری چۆنە؟دووساڵ لەئازاردا لـەبێ هیـوای ئـەو لەمامەڵـە کـانی مـن بەرامبـەر بـەو، مـن دەرهـەق بـە زەمـەنی ئـەو زۆر دڵ رەق بـوو،زۆر تـورەم دەکـرد دژی قسـەکانی دەوەستام ئێستاش ووتوەکانی لەناخما ئازارم دەدەنو شەوانە ناهێڵن بنوم ،ئێستاش خورپـەی ئـەو هەرلـەدڵم دایەو یادگاریەکانی هەرلەگوێمـدا دەزرنگێتـەوە نـازانم بـۆ وای لـەخۆی کـردووە، تۆبڵێیـت بیرکردنـەوەی ئـەو تـەنها ئـەوەبێت لـەماڵی بـاوانی ڕزگـاری بێـت لەوچەوسـاندنەوە، ڕزگـاری بێـت لـەباوك سـالاری، بییـەوێت لەوڕێگایەوە بتوانێت ژیانێکی خۆشتر بۆداهاتووی دابین بکات ولەو مەینەتیە ڕزگاری ببێت و لەهێلانـەکەی خۆیـدا ژیـانێکی خـۆش بەسـەربەرێت و دور لـەو هـەموو نەهامەتیانـەی کـە بەدەسـتیەوە گیرۆدەبووەئەمـە چیرۆکی دوو عاشق بوو کە بەتەلەفون یەکتریان دەناسی،

Rezhen_4ever@yahoo.com